Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian. Conf-2019-17

# چارەسەری کێشە خێزانیەکان لە ژێر ڕۆشنایی فەرمودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت)

**خالد عمر قادر**

**زانکۆی تیشك/ کۆلیَجی یاسا/ بەشی یاسا.**

***Article Info***

Received: May , 2019

Accepted: October , 2019

Published : April, 2022

***Keywords***

**چارەسەر، خێزانییەکان، فەرموودە**

***Corresponding Author***

Khaled.omar@google.com

**پوختە**

چارەسەری کێشە خێزانیەکان لە ژێر ڕۆشنایی فەرمودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت)

ئەم توێژینەوەیە دانراوە بۆ بەدیار خستنی هەندێك لەو گرفتانەی ئەمڕۆ لەماڵی موسڵمانان ڕوو دەدەن لەگەڵ چارەسەری گرفتەکان، ئەوەش لە ژێر ڕۆشنایی ژیانی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لەگەڵ فەرمودەکانی، ئەم توێژینەوەش پێك دێت لە دوو بەش.

بەشی یەکەم تایبەتە بە ژیانی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لەگەڵ خێزانەکانی و شێوازی هەڵسو کەوتی ژیانی ڕۆژانەی لە چەند ڕویێکەوە، ئابوری، ئینسانی، یارمەتی دان، جوانی، دونیاوی، لەگەڵ هەموو ئەمانەش نمونەی زیندومان ئاماژە پێ کردووە بۆ ئەوەی وێنەکە بە جوانی ڕون بێتەوە، لەم ڕوانەوە بۆت بەدیار دەکەوێت وێنەی ژیانی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) چۆن ژیاوە لەگەڵ خێزانەکانی لە کاتێکدا ئەو پێشەنگە لۆ تەواوی موسڵمانان، ئەگەر ژیانی ئەو بەراورد بکەین لەگەڵ ژیانی موسڵمانان جیاوازی ڕون دەبێتەوە کەم تەرخەمی بەدیار دەکەوێت ئەو کات دەتوانین بڵێن سەرەتای کێشەکان لەو کاتە دەست پێ دەکات کە دەستمان لە ژیانی پێشەنگی خۆمان بەرداوە بە دوای ڕێگای تر کەوتوین.

بەشی دووەم: تایبەتە بە چارەسەری کۆتایی لۆ گرفتەکان کەوا شانی موسڵمانانی قوڕس کردووە لە ژێر ڕۆشنایی ئامۆژگاریەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) هەر کەس دەست بەو ئامۆژگاریانە بگرێت ئەوە ژیانی ئاسودە دەبێت، هەر کەس دەستی لێ بەر بدات ئەوە بەڕاستی زەرەر مەند دەبێت.

چەند خالێکمان لۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی ئاماژە پێ کردووە کە توشی هەموو تاکێکی موسڵمان دەبێت لە ژیانی ڕۆژانەیدا، لەوانە: چارەسەری تورەیی، چارەسەر بە پێکەنین و زەردەخەنە، گفتوگۆ، ئامۆژگاری، وە چۆن بەرەنگاری کێشە گەورەکان دەبینەوەو مامەڵیان لەگەڵ دەکەین ئەمانە هەر هەمووی لە ژێر ڕۆشنایی فەرمودە ڕاستەکان و ئامۆژگاریەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لە کۆتاییدا کێشەی بوختان کردن بە دایکی باوەڕدارانمان ئاماژە پێ کردووە گرینگتر لە کێشەکەش شێوازی مامەڵەی پێغەمبەر بوو (درودی خوای لێ بێت) لەگەڵ عائیشە پێغەمبەری خوا هیچ کاردانەوەیەکی خراپی نەبوو هەتا یەك وشەشی بەکار نەهێنا کە لەگەڵ ئەو شیاو نەبێت، بەڵکو ئارامی گرت قسەی نەکرد پرسیاری کرد هیچ شتێکی نەکرد پێش ئەوەی خوا فەرمانی پێ بکات هەتا هەموو شتێکی زۆر بە جوانی لۆ ڕون بۆوە ئایەتەکان لە قورئان دابەزی ئەستۆ پاکی عائیشە بەدیار کەوت کێشەکە کۆتایی هات پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) دڵی ئاوی خواردەوە لەبەر ئەوەی هیچ شتێکی نەکرد کە دوایی لێی پەشیمان بێتەوە چۆن وا نابێ لە کاتێك ئەو هەڵ بژاردەیە لە نێو هەموو مرۆڤەکان.

## پێشەکی:

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

سوپاس بۆخوای پەروەردگار درودو سەلام لەسەر گیانی پاکی پێشەوای مرۆڤایەتی موحەمەدی کوڕی عبداللە و تەواوی دۆست و یاوەرەکانی و شوێن کەوتوانی هەتا ڕۆژی دوایی .

بابەتی کێشەی خیزانی ئەمڕۆ لەناو کۆمەڵگا ڕوو لە زیاد بونە لە حاڵەتەوە بوە بە دیاردە، دیارە لە هەموو شونێك کێشەی خێزانی کەم تا زۆر هەیە بەڵام جیاوازی نێوان شوێنەکان یەکجار زۆرە، بۆیە دەبێ ئەمە لەبەر چاو بگرین، کاتێك کە دەتەوێت کێشەیەك چارەسەر بکەی لە دەستپێکی کارەکەتدا دەبێ قەبارەی ئەم کێشەیە لەبەر چاوت بێت ئینجا دەتوانی چارەسەری گونجاوی لۆ دابنێی، ئەوەی ئێمە لێرە مەبەستمانە بەڕاستی کێشەی خێزان خەریکە تاك بە تاکی ماڵەکان دەگرێتەوە خیزانەکان هەڵدەوەشێنێتەوە بوار بۆ ڕق و کینە لەناو کۆمەڵگا زیاد دەکات ئەمە جگە لە چەندان کێشەی تر کە هەموی شوێنەواری تێك چونی شیرازەی خێزانە، بۆیە ئێمە ئەگەر بتوانین هەندێك لەو کێشانە چارەسەر بکەین یا خود کەمی بکەینەوە ئەمە ئەرکێکی ئاینی و مرۆڤایەتیە بە جێی دەهێنین .

باشترین چارەسەریش لۆ تەواوی کێشە خێزانیەکان بریتیە لە تێگەیشتنێکی ڕاست و دروست لە فەرمودەکانی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت)، چونکە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) بۆ ئێمە پێشەنگە ئەو لەسەر دەمی خۆی بە کردارو گفتارە جوانەکانی تەواوی کێشە خێزانیەکانی چارەسەر کرد هەروەها چەند بنچینەیەکی بۆ ئێمە بەجێ هێشت کە هەر کاتێك دەستی پێوە بگرین کێشەکان کۆتاییان پێ دێت و ئاسودەیی ڕوو لە تەواوی ماڵەکان دەکات، بۆیە ئێمە بۆ چارەسەرکردنی کێشە خێزانیەکان دەگەڕێینەوە بۆ فەرمودە ڕاستەکان تا تەواوی کێشەکانمان لە ژێر ڕۆشنایی ئەم فەرمودانە چارەسەر بکەین.

دەبێ گرفت و کێشەکان بە شتێکی ئاسایی وەربگرین چونکە بەسەر بردنی ژیانی دوو کەس بەیەکەوە لۆ ماوەیەکی زۆر ئەوەمان پێ دەڵێت کە گرفت هاتنە پێشەوە شتێکی نامۆ نابێ، دەبێ میکانزمێك هەبێ بۆ چارەسەر کردنیان، هەروەها خوێندنەوەی بەرامبەرەکەت و شارەزا بون لەژیانی ئەوەش نیوەی گرفتەکانت لۆ چارەسەر دەکات چونکە دەبێ ئەم ڕاستیە بزانین کێشە و گرفت لەهەموو ماڵێك سەر هەڵ دەدات بەڵام ڕوو بەڕوبونەوەی گرفتەکان و چارەسەر کردنی گونجاو هەوڵدان لۆ دوبارە نەبونەوەی گرفتەکان ئەمە ئەو میکانیزمەیە کە ئێمە بەدوایدا دەگەڕێن لۆ کۆتایی هێنان بە گرفتەکان، ئەگەر گرفتەکان ڕیز بەندی بکەین لەگەڵ چارەسەرەکانی بەرامبەر یەکیان بکەین دەبینین گرفتەکان پێش ڕودانی زۆر بچوکە چارەسەریشی زۆر ئاسانە بەڵام شێوازی چەوت و هەڵسو کەوتی نارێك گرفتەکان بەرەو ئاقارێکی خراپ دەبات بۆیە دەبێت ئێمە گرفتەکان و کێشەکان لە ژێر ڕۆشنایی فەرمودەکان چارەسەر بکەین ئەم ئامۆژگاریانەی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمۆش نەکەین ئەوکات دەبینین هەرچی گرفت و کێشەیە کۆنترۆڵی لەدەستی خۆمان دایە بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەی فەرمودەکان هەنگاومان هاویشت ئەو کات دەبێ چاوەڕێ کاردانەوەی زۆر نەرێنی لە ژیانی خۆمان بکەین.

لێرەدا چارەسەری گرفتەکان لەدوو بەشدا ئاماژە پێدەکەین هەر بەشەك پێنج تەوەر لەخۆ دەگرێت.

## تەوەری یەکەم: مامەڵەی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لەگەڵ خێزانەکانی لە ڕوی داراییەوە.

پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) لە ڕوی داراییەوە هەژار نەبوە، بەلاَم لە تەواوی ژیانی وا بە دیار دەکەوێت کە کاتی وا هەبوە تایبەت پێش جەنگی بەدر لە ڕوی داراییەوە وەزعی باش نەبوە، بەلاَم پاشان خوای گەورە دەروی خێری لێ کردۆتەوە تا ئەو ڕادەی ئەرزاقی سالێکی لۆ خێزانەکانی هەڵدەگرت، لە ڕوی خانو خەرجی ڕۆژانەشەوە ئەمە لە دوو خاڵی گرینگ ئاماژەی پێ دەکەین:

أ- پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) خانوی لۆ تەواوی خێزانەکانی بە جیا دابین کردبوو، هەر وەکو لەم ئایەتە پیرۆزە بە ڕونی دیارە کە خوای بالاَ دەست دەفەموێ: ﴿ إِنَّ الَّذِينَ يُنَادُونَكَ مِنْ وَرَاءِ الْحُجُرَاتِ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴾ [١] .

واتە: بەڕاستی ئەوانەی لەو دیوی دیواری ژوورەکانەوە بانگت لێ دەکەن (مەبەستی لە بانگ لێکراوەکە پێغەمبەرە) بەشی زۆریان نەفامن و عەقلیان نییە [٢].

پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) خۆشی ئاماژەی بە ژوری خێزانەکانی کردوە هەر وەك لە فەرمودەی دایکی سەلەمە هاتوە: عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا: أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اسْتَيْقَظَ لَيْلَةً، فَقَالَ: (( سُبْحَانَ اللَّهِ مَاذَا أُنْزِلَ اللَّيْلَةَ مِنَ الفِتْنَةِ، مَاذَا أُنْزِلَ مِنَ الخَزَائِنِ، مَنْ يُوقِظُ صَوَاحِبَ الحُجُرَاتِ؟ يَا رُبَّ كَاسِيَةٍ فِي الدُّنْيَا عَارِيَةٍ فِي الآخِرَةِ )) [٣] .

واتە: دایکی سەلەمە ڕەزای خوای لێ بێت فەرمووی: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) شەوێك لەخەو هەڵسا فەرمووی: پاك و بێگەردی بۆ خوا، ئەم شەوە چی دابەزیوە لە فیتنە، ئەم شەوە چی دابەزیوە لە خەزێنەکان، کێ خاوەنی ژوورەکان بەخەبەر دێنیت؟ ئای کە کەسانێك پۆشاکیان لەبەرە لە دونیا، بێ پۆشاکن لە ڕۆژی دوایی.

هەر وەکو لە ئایەتەکەی قورئانیش بە ڕونی دیارە، کەواتە هەر یەکەیان لە خێزانانی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) ژوری تایبەتی بە خۆی هەبوە، لەبەر گرنگی خانو یا خود بلێن شوێنی تایبەت لۆ خێزان پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) تەواو دەرکی بەمە کردوە بۆیە لۆ ئەوانەی بونە بە فەرمانبەرو کارو ئەرکی پێغەمبەریان بەجێ هێناوە فەرمویەتی چوار شتیان لۆ بکرێ بە گرینگترینیان دەست پێ دەکات کە دابین کردنی خانوە.

عن الْمُسْتَوْرِدِ بْنَ شَدَّادٍ، يَقُولُ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: (( مَنْ وَلِيَ لَنَا عَمَلًا وَلَيْسَ لَهُ مَنْزِلٌ، فَلْيَتَّخِذْ مَنْزِلًا، أَوْ لَيْسَتْ لَهُ زَوْجَةٌ فَلْيَتَزَوَّجْ، أَوْ لَيْسَ لَهُ خَادِمٌ فَلْيَتَّخِذْ خَادِمًا، أَوْ لَيْسَتْ لَهُ دَابَّةٌ فَلْيَتَّخِذْ دَابَّةً، وَمَنْ أَصَابَ شَيْئًا سِوَى ذَلِكَ فَهُوَ غَالٌّ )) [٤] .

واتە: موستەوردەی کوڕی شەداد فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەر بوو (درودی خوای لێ بێت) دەیفەرموو: هەر کەس کارێکمان لۆ بگرێتە ئەستۆ، ئەگەر خانوی نەبوو با خانوێك لەسەر حسابی ئێمە دابین بکات، یان خێزانی نەبوو با ژن بێنیت لەسەر حسابی ئێمە، یان خزمەت کاری نەبوو با خزمەتکارێك بۆ خۆی بگری لەسەر حسابی ئێمە، یان هیچ حەیوانی نەبوو هاتوو چووی پێ بکات با حەیوانێك بکرِی لەسەر حسابی ئێمە، هەر کەس شتێك ببا لەوە زیاتر ئەوە بە دزی لەسەری حساب دەکرێ.

ب- لە ڕوی خەرجی ڕۆژانەشەوە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) زۆر سەخی بوە هەروەك لە دەروە لەگەڵ دۆست و هەژار و نەداران سەخاوەتی هەبوە لەگەڵ خیزانەکانی زیاتر، خاوەنی سەد مەڕ بوە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) هەبون بوە نەك وەکو هەندێ کەس وا حاڵی بوە کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) بەردەوام هەژار بوەو هیچی نەبوە، کاتێك وەفدی ( بنی المنتفق ) دێنە لای حەیوانیان بۆ دەکوژێتەوەو دەفەرموێ: سەد مەڕمان هەیە نامانەوێ زیاد بکا هەرکات شوانەکە گوتی یەکێك زیادی کردوە ئێمە حەیوانێك دەکوژینەوە [٥] .

---

([١]) الحجرات (٤).

([٢]) خولاصەتي تەفسيري نامي، مەلا عبد الكريمي مدرّس، (٥١٥).

([٣]) رواه البخاري (٤٩/٢) رقم الحديث (١١٢٦).

([٤]) رواه أحمد في مسنده (٥٤٣/٢٩) رقم الحديث (١٨٠١٥)، والطبراني في المعجم الكبير (٣٠٤/٢٠) رقم الحديث (٧٢٥).

([٥]) رواه أبو داود (٣٥/١) رقم الحديث (١٤٢).

## تەوەری دووەم: مامەڵەی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لەگەڵ خێزانەکانی لە ڕوی ئینسانیەوە.

جوانترین شێواز شێوازی مامەلەی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) بووە لەگەڵ خێزانەکانی لە ڕووی ئینسانیەوە چونکە زۆر بە ڕوونی لە فەرمودەکانی ئەمە بەدی دەکرێت کەوا پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) ڕەچاوی تەواوی هەستی هەموو خێزانەکانی دەکرد تایبەتیش لە ڕووی ئینسانیەوە، بە چەند خالێك ئەم مامەڵە ئینسانیەی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) دەخەینە ڕوو.

یەکەم: هەموو ڕۆژێك پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) دوای نوێژی بەیانی دادەنیشت هەتا ڕۆژ هەڵدەهات، پاشان دەچوە کن تەواوی خێزانەکانی سەری لێ دەدان و سەلامی لێ دەکردن و دوعای لۆ دەکردن، تا ئاخر خێزانی کە سرەی ئەوبا ئینجا لەلای ئەو دەماوە، دوای نوێژی عەسر هەمان ڕۆژ دوبارە سەری لە هەموو خێزانەکانی دەدایەوە.

پێشەوا ئیبن و حەجەر دەفەرموێ: ئەوەی لە بەیانیان دەچوە لای خێزانەکانی سەلام کردن و دوعا کردن بوە، ئەوەی دوای عەسر دانیشتن و قسە کردن بووە (٦).

ئینجا دوای نوێژی عیشا هەموو خێزانەکانی کۆ دەبونەوە لە ماڵی ئەو خێزانەی کە ئەو شەوە سرەی ئەو بوە، قسەو باس و تەواو دەبوو هەرکەس دەگەڕایەوە ماڵی خۆی، پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لەو ماڵە دەمایەوە کە سرەی ئەو بوو.

ئەم شێوازە مامەڵەی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لەگەڵ خێزانەکانی لە سێ فەرمودەی جیاواز وەرگیراوە، کە ئەمەش دەقی فەرمودەکانە.

عن ابن عباس كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا صَلَّى الصُّبْحَ جَلَسَ فِي مُصَلَّاهُ، وَجَلَسَ النَّاسُ حَوْلَهُ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ، ثُمَّ دَخَلَ عَلَى نِسَائِهِ امْرَأَةً امْرَأَةً، يُسَلِّمُ عَلَيْهِنَّ، وَيَدْعُو لَهُنَّ، فَإِذَا كَانَ يَوْمُ إِحْدَاهُنَّ جَلَسَ عِنْدَهَا (٧).

عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا انْصَرَفَ مِنَ العَصْرِ دَخَلَ عَلَى نِسَائِهِ، فَيَدْنُو مِنْ إِحْدَاهُنَّ (٨).

عَنْ أَنَسٍ، قَالَ: " كَانَ لِلنَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تِسْعُ نِسْوَةٍ، فَكَانَ إِذَا قَسَمَ بَيْنَهُنَّ، لَا يَنْتَهِي إِلَى الْمَرْأَةِ الْأُولَى إِلَّا فِي تِسْعٍ، فَكُنَّ يَجْتَمِعْنَ كُلَّ لَيْلَةٍ فِي بَيْتِ الَّتِي يَأْتِيهَا (٩).

دووەم: داد پەروەری لە مانەوەی شەو، پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) چونکە لە خێزانێکی زیاتر هەبوو ئەو پەڕی داد پەروەری لە نێوانیان دەکرد بە جۆرێك هەر یەکە مافی خۆی بە تەواوی پێ دەدا، هەر وەکو دایکی باوەڕداران عائیشە دەفەرموێ: (پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) فەزلی هیچ لە خێزانێکی نەدەدا بەسەر ئەوی تر، هەموو وەکو یەك لەلایان دەمایەوە، کەم ڕۆژ وابوو نەهاتبا لۆ سەردانی تەواوی خێزانەکانی) (١٠).

سێ یەم: تیرو پشکی دەکرد لە بەینی خێزانەکانی کاتێك سەفەری کردبا، پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) هەر کات نیەتی سەفەری هەبا یەکێکی لە خێزانەکانی لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ ئەوەی هیچ کێشە دروست نەبێت کێ لەگەڵ خۆی ببات ئەوە تیرو پیشکی دەکرد لە نێوان خێزانەکانی هەر کەس ناوی دەرچوبا لەگەڵ خۆی دەیبرد.

عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا أَرَادَ سَفَرًا أَقْرَعَ بَيْنَ نِسَائِهِ، فَأَيَّتُهُنَّ خَرَجَ سَهْمُهَا خَرَجَ بِهَا مَعَهُ (١١).

---

(٦) فتح الباري (٣٧٩/٩).

(٧) رواه الطبراني في المعجم الأوسط (٣٢٣/٨) رقم الحديث (٨٧٦٤).

(٨) رواه البخاري (٣٤/٧) رقم الحديث (٥٢١٦).

(٩) رواه مسلم (١٠٨٤/٢) رقم الحديث (١٤٦٢).

(١٠) رواه أبو داود (٢٤٢/٢) رقم الحديث (٢١٣٥).

(١١) رواه البخاري (١٥٩/٣) رقم الحديث (٢٥٩٣)، ومسلم (٢١٢٩/٤) رقم الحديث (٢٧٧٠).

چوارەم: خۆشەویستی لۆ خێزانی، پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) زۆر بە ڕاشکاوانە لە بەرامبەر خەڵك ڕای دەگەیاند کە ئەو خێزانی خۆی خۆش دەویێت.

عن عَمرُو بنُ العاصِ رَضِيَ اللّٰهُ عنهُ، أنَّ النَّبيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وسَلَّمَ) بَعَثَهُ عَلى جَيشِ ذاتِ السُّلاسِلِ، فأتَيتُهُ فقُلتُ: أيُّ النَّاسِ أحَبُّ إلَيكَ؟ قالَ: ((عائشَةُ))، فقُلتُ: مِنَ الرِّجالِ؟ فقالَ: ((أبُوها)) (١٢).

لەم فەرمودەیە زۆر بە ڕوونی دیارە کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) کە پرسیاری لێ دەکەن کەوا خۆشەویسترین کەس لەلات کێیە دەفەرموێ: عائیشە .

پێنجەم: پرس پێ کردن لە کاتە هەستیارەکان، پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) لە زۆر لە کارەکانی ڕاوێژی بە خێزانەکانی دەکرد بۆ نمونە کاتێك پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) لە صوڵحی حودەیبیە تەواو بوو، بە یاوەرەکانی فەرموو هەستن حەیوانەکانتان بکوژنەوەو سەرتان بتراشن سێ جار ئەم قسەی دوبارە کردەوە، کەواتە ئەمساڵ بە پێی صوڵحەکە حەج ناکرێت، یاوەرەکان کەسیان هەڵنەستان چونکە صوڵحەکەیان زۆر پێ ناخۆش بوو، کاتێك کەس هەڵنەستا پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) چوە لای دایکی سەلەمە ئەم وەزعەی لۆ باس کرد، دایکی سەلەمە فەرموی: دەتەوێ خەڵك بە گوێت بکەن بڕۆ قسە لەگەڵ کەس مەکە حەیوانی خۆت بکوژەوە سەری خۆشت بتراشە، پێغەمبەریش (دروودی خوای لێ بێت) وای کرد، کاتێك یاوەرەکانی چاویان پێ کەوت هەموو هەڵسان حەیوانی خۆیان کوشتەوەو سەری خۆیان تراشی (١٣).

## تەوەری سێیەم: مامەڵەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) لەگەڵ خێزانەکانی لە ڕوی یارمەتیدانیان.

پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) چاکترین کەس بوە لەگەل تەواوی خێزانەکانی هانی تەواوی یاوەرەکانیشی دەدا لەسەر چاکە کردن و یارمەتی دانی خێزانەکانیان هەر وەکو لەم فەرمودەیە هاتوە، عَنْ عَائِشَةَ، قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ((خَيْرُكُمْ خَيْرُكُمْ لِأَهْلِهِ وَأَنَا خَيْرُكُمْ لِأَهْلِي)) (١٤).

بە دڵنیاییەوە کەسێك باشترین کەس بێ لۆ خێزانەکانی ئەوە دیارە زۆریش یارمەتی داون لە کارەکانی ناو ماڵ هەر وەکو عائیشە دایکی باوەڕداران لێی دەپرسن پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) چی دەکرد لە ماڵەوە؟ فەرموی: (جلی خۆی دەدوریەوە، حەیوانی دەدۆشی، خزمەتی خۆی دەکرد) (١٥).

هەر وەکو لە فەرمودەی تردا هاتوە کە ماڵی باوکی عائیشە هەندێ گۆشتیان لۆ ماڵی پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) ناردوە، عائیشە گۆشتەکەی دەگرت پێغەمبەریش (دروودی خوای لێ بێت) پارچە پارچەی دەرکرد (١٦).

کەواتە بە شێوازێکی گشتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) هەم بە قسەو هەم بەکردوە ئەوەی سەلماندوە کە دەبێت هەموو کەسێك یارمەتی خێزانەکەی بدات لە کاری ناو ماڵ هەر کەس لەم ڕەوشتە دور بێت ئەوە با تەماشای قورئانی پیرۆز بکات بزانە خوای

---

(١٢) رواه البخاري (٥/٥) رقم الحديث (٣٦٦٢)، ومسلم (١٨٥٦/٤) رقم الحديث (٢٣٨٤).

(١٣) رواه البخاري (١٩٣/٣) رقم الحديث (٢٧٣١).

(١٤) رواه الترمذي (٧٠٩/٥) رقم الحديث (٣٨٩٥) وقال الترمذي:هذا حديث حسن صحيح، وابن ماجه (٦٣٦/١) رقم الحديث (١٩٧٧)، والبزار في مسنده (١٩٦/٣) رقم الحديث (٩٨٤)، وابن حبان في صحيحه (٤٨٤/٩) رقم الحديث (٤١٧٧).

(١٥) رواه أحمد في مسنده (٢٦٣/٤٣) رقم الحديث (٢٦١٩٤) قال شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح، والبخاري في الأدب المفرد (٢٧٩/١)، وأبو يعلى في مسنده (٢٨٦/٨) رقم الحديث (٤٨٧٣)، وابن حبان في صحيحه (٤٨٩/١٢) رقم الحديث (٥٦٧٥).

(١٦) رواه إسحاق بن راهويه في مسنده (٩٦٦/٣) رقم الحديث (١٦٨٢)، وأحمد في مسنده (١٧٧/٤١) رقم الحديث (٢٤٦٣١).

**پەروەردگار چۆن باسی نێردراوی خۆی بۆمان دەکات:** ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُوا اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيراً﴾ (١٧).

**لە ڕوی کاری خوا پەرستیشەوە پێغەمبەری خوا زۆر یارمەتی خێزانەکانی داداو هانی دەدان نەك هەر لەسەر فەرزەکان بەڵکو لەسەر سونەتەکانیش، ئەم فەرمودەیەش جوانترین بەڵگەیە.**

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (( رَحِمَ اللَّهُ رَجُلًا قَامَ مِنَ اللَّيْلِ فَصَلَّى ، وَأَيْقَظَ امْرَأَتَهُ فَصَلَّتْ ، فَإِنْ أَبَتْ نَضَحَ فِي وَجْهِهَا الْمَاءَ ، رَحِمَ اللَّهُ امْرَأَةً قَامَتْ مِنَ اللَّيْلِ فَصَلَّتْ ، وَأَيْقَظَتْ زَوْجَهَا ، فَإِنْ أَبَى نَضَحَتْ فِي وَجْهِهِ الْمَاءَ )) (١٨).

**واتە: ئەبو هوڕەیرە فەرمووی: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ڕەحمەتی خوا لە پیاوێك شەوێ هەڵدەستێتەوە شەو نوێژ دەکات، وە خێزانەکەشی بەخبەر دەهێنی ئەویش شەو نوێژ دەکات، ئەگەر خێزانەکەی هەڵنەستا هەندێ ئاو بپرژێنێ بەسەر دەم وچاوی، ڕەحمەتی خوا لە ئافرەتێك شەوێ هەڵدەستێتەوە شەو نوێژ دەکات، وە مێردەکەشی بەخبەر دەهێنی، ئەگەر مێردەکەی هەڵنەستا هەندێ ئاو بپرژێنێ بەسەر دەم وچاوی.**

**هەتا لە دە شەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزان پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) کە شەوەکانی زیندوو دەکردوە خێزانەکانیش بەخەبەر دەهێنا لۆ خوا پەرستی (١٩)، دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) لە ماڵی ئەمانەی جێ بە جێ دەکرد هانی یاوەرەکانیشی دەدا کەیارمەتی خیزانەکانیان بدەن، بۆ نمونە:**

**عیربازی کوڕی ساریە دەفەرموێ: گوێم لە پێغەمبەر بوو (درودی خوای لێ بێت) دەیفەرموو:** ((إِذَا سَقَى الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ أُجِرَ)) (٢٠) **واتە: ئەگەر پیاوەکە ئاوی دایە دەست خێزانی ئەوە پاداشت وەردەگرێت، عیرباز دەفەرموێ: کە چومەوە ماڵەوە ئاوم برد لۆ خێزام ئاوم پێدا، پێم گوت گوێم لە پێغەمبەر بوو (درودی خوای لێ بێت) دەیفەرموو:** ((إِذَا سَقَى الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ أُجِرَ)).

**ئایا ئێستا لەناو موسڵمانان کەسانێك هەن ئەم فەرمودەیە جێ بە جێ بکەن هەتا ئەگەر خێزانیان نەخوشیش بێت، یا خود زۆر سەرقاڵ بێت بە مندالەکان، یان بەکاری ماڵەوە سەرقاڵ بێت دەتوانی پەرداخێك ئاوی لۆ ببەی و ئەو فەرمودەی لۆ باس بکەی وەکو سەردەمی یاوەران وتەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) جێ بە جێ بکەی.**

**لەمەش زیاتر پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) بە خاڵی خۆی فەرموو کە سەعدی کوڕی باوکی وەقاص: ئەتۆ هیچ خێرەکت نەکردیە مەبەستت پێ خوای گەورە بێت ئیلا پاداشتی لەسەر وەردەگریەوە، هەتا ئەو پاروە نانەی دەخیتە ناو دەمی خێزانت ئەویش خوای گەورە بە پاداشت لۆت دەنوسێ (٢١).**

**ئەم فەرمودەیە زۆر بە ڕاشکاوانە هانی هەموو لایەك دەدات بتوانی هەندێ جار هەتا پاروە نانیش بخاتە ناو دەمی خێزانی، ئەمەش پاداشتی لەسەرە بەلام لەوانەیە کەم کەس هەبێ جێ بە جێی بکات.**

---

(١٧) الأحزاب (٢١).

(١٨) رواه أبو داود (٢/٣٣) رقم الحديث ( ١٣٠٥ )، والنسائي (٣/٢٠٥) رقم الحديث ( ١٦٠٩ )، وأحمد في مسنده (١٢/٣٧٢) رقم الحديث ( ٧٤١٠ )، وقال شعيب الأرنؤوط ( إسناده قوي )، والبزار في مسنده (١٥/١٦٠) رقم الحديث ( ٨٥٠٢ )، وابن خزيمة في صحيحه (٢/١٨٣) رقم الحديث ( ١١٤٨ )، والحاكم في المستدرك (١/٤٥٣) رقم الحديث ( ١١٦٤ )، وقال الحاكم: ( هذا حديث صحيح على شرط مسلم ولم يخرجاه )، والبيهقي في السنن الكبرى (٢/٥٠١) رقم الحديث ( ٤٤١٩ ).

(١٩) رواه البخاري (٣/٤٧) رقم الحديث (٢٠٢٤).

(٢٠) رواه الطبراني في مسند الشاميين (٢/٤٣٤) رقم الحديث ( ١٦٤٦ ).

(٢١) رواه البخاري (٢/٨١) رقم الحديث (١٢٩٥).

## تەوەری چوارەم: مامەڵەی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لەگەڵ خێزانەکانی لە ڕوی گرینگی دانی بە جوانی.

پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) لەڕوی ڕوخسارەوە زۆر جوان بوە، بۆ ئەوەی جوانتریش دەرکەوێ زۆر گرینگی دەدا بە ڕواڵەتی دەرەوەی، لە ڕوی پاك و خاوێنیەوە، پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) ڕۆژانە پێنج جار لای کەم دەست نوێژی دەشوشت، حەفتەی جارێك خۆی دەشوشت، هانی یاوەرەکانیشی دەدا کەوا هەرکات هاتن لۆ نوێژی هەینی خۆیان بشۆن ئینجا بێن [٢٢].

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: ((إِذَا جَاءَ أَحَدُكُمُ الجُمُعَةَ، فَلْيَغْتَسِلْ)) [٢٣].

ئەمە جگە لەوەی سیواکی بەکار دەهێنا بۆ دەم پاك کردنەوە، نینۆك دەتراشی و، بۆنی خۆشی لە خۆی دەداو، پرچی خۆی دادەهێناو دەیفەرموو: ((مَنْ كَانَ لَهُ شَعْرٌ فَلْيُكْرِمْهُ)) [٢٤].

لە ڕوی جل و بەرگەوە پێغەمبەر درودی خوای لێ بیت جوانترین جل و بەرگی لەبەر دەکرد، چەند جۆر جل و بەرگی ڕەنگاو ڕەنگی لەبەر کردوە، وەکو ڕەنگی کەسك و سۆرو ڕەش و ڕەنگی تریش [٢٥].

کاتێکیش یەکێك لە یاوەرەکانی بینی جل و بەرگی خراپی لەبەر دابوو پێی فەرموو: ماڵت نیە واتە هەبونی؟ فەرمووی: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا لە هەموو ماڵێکم هەیە، پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) فەرموی: ((إِذَا آتَاكَ اللهُ مَالًا فَلْيُرَ أَثَرُهُ عَلَيْكَ)) [٢٦].

واتە: ئەگەر خوا ماڵی پێ دای با شوێنەواری ماڵەکە بەسەرتەوە دیار بێت، کەواتە بە شێوازێکی گشتی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) یەکێك لە شتە هەرە گرینگەکانی ژیانی ڕۆژانەی بریتی بوە لە پاك و خاوێنی لە لاشەو لە جل و بەرگ.

## تەوەری پێنجەم: مامەڵەی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لەگەڵ خێزانەکانی لە ڕوی شتە دونیاییەکان.

یەکێکی تر لە شتە گرینگەکانی ژیانی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لەگەڵ خێزانەکانی بریتی بوە لە گرینگی دان بە شتە دونیاییەکان ئەمەش زۆر بە ڕونی بە دیار دەکەوێت لەم چەند خاڵەی خوارەوە:

**یەکەم:** پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) زۆر بە ئاسای ڕێگەی بە خێزانەکانی دەدا تەماشای گەمەی سودانیەکان بکەن لە ڕۆژی جەژن و غەیری جەژن، هەر وەکو دایکی باوەڕداران عائیشە دەفەرموێ: لەڕۆژی جەژن سودانیەکان گەمەیان دەکرد، پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) فەرموی: حەز دەکەی تەماشایان بکەی؟ گوتم بە لێ، هەندەم تەماشا کرد هەتا بێزار بووم، پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرموی: بەسە؟ گوتم بەڵێ، فەرموی: برۆ [٢٧].

پێشەوا ئیبن و حەجەر دەفەرموێ: (لەو فەرمودەیە ئەوە وەردەگیرێ کە دروستە تەماشا کردنی شتی دونیاوی و موباح، ئەوەشی لێ وەردەگیرێ ڕەوشت جوانی و هەڵس و کەوتی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لەگەڵ خیزانی) [٢٨].

**دووەم:** ڕاکردن لەگەڵ خێزان، پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) لە یەکێك لە سەفەرەکانی فەرموی بە یاوەرەکانی پێش کەون واتە برۆن بە عائیشەی فەرموی با پێشبرکێ بکەین، عائیشە دەفەرموێ پێشبڕکێمان کرد من بە پێشی کەوتم، جارێکی تر لە سەفەر لەگەڵی بوم بەلاَم

(٢٢) الأساليب النبوية في معالجة المشكلات الزوجية (٥٧).
(٢٣) رواه البخاري (٢/٢) رقم الحديث (٨٧٧)، ومسلم (٥٧٩/٢) رقم الحديث (٨٤٤).
(٢٤) رواه أبو داود (٧٦/٤) رقم الحديث (٤١٦٣).
(٢٥) زاد المعاد، ابن قيم (١٣٧/١).
(٢٦) رواه النسائي في الكبرى (٣٨٨/٨) رقم الحديث (٩٤٨٤).
(٢٧) رواه البخاري (١٦/٢) رقم الحديث (٩٥٠)، مسلم (٦٠٩/٢) رقم الحديث (٩٨٢) .
(٢٨) فتح الباري (٥٤٩/١).

ئەو جارە قەڵەو تر ببوم دیسان پێشبڕکێمان کرد ئەو جارە ئەو لە منی بردەوە، پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) پێدەکەنی و دەیفەرموو: ئەوە لە باتی جارەکەی ترە کە لێت بردمەوە [٢٩].

سێ یەم: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) خێزانەکانی لۆ دەعوەتی ژن هێنان لەگەڵ خۆی دەبرد، ئەگەر یەکێکیش لۆ خواردنی تایبەت بانگی بکردبا دەیفەرموو خێزانیشم بێت، هەروەکو لەم فەرمودەیە هاتوە، جیرانێکی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فارسی بوو بەڵام خواردنی زۆر خۆشی لێ دەنا، خواردنێکی تایبەتی لۆ پێغەمبەر درودی خوای بێ بێت کرد، هات بانگی کرد پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرموی: خێزانیشم بێت فارسیەکە فەرموی: نەخێر ، پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرموی: منیش نایەم سێ جار ئەم پیاوە گەڕاوە داوای لێ کرد کەبێ لۆ دەعوەتەکەی بەبێ خێزانەکەی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) نەچوو، جاری سێەم فارسیەکە فەرموی با خیزانیشت بێت ئەوجا پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لەگەڵ خێزانی چوو لۆ دەعوەتەکە [٣٠].

پێشەوا نەوەوی دەفەرموێ: پێغەمبە ر (درودی خوای لێ بێت) پێی ناخۆش بوو بەتایبەت بچێ ئەو خواردنە بخوا بەبێ خێزانی، ئەمەش لە جوانی هەڵس و کەوتی پێغەمبەرە درودی خوای لی بێت بەرامبەر خێزانەکەی [٣١].

لە تەواوی ئەم بەشەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کەوا پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) چۆن ژیاوە لەگەڵ خێزانەکانی لە ڕوی دارایی، ئینسانی، یارمەتی دانی خێزانەکانی، گرینگی دان بە جوانی خۆی، گرینگی دان بە شتە دونیاییەکان و چەندین شتی تر، کەواتە لێرەدا بۆمان بەدیار دەکەوێ ئەمڕۆ کە هەندێ کەس کێشەی خێزانی هەیە هۆکارەکەی چیە، بۆیە گرینگی نەدان بە تەواوی ئەو شتانەی کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) گرینگی پێ داوە دەبێتە هۆی تێکچونی شیرازەی خێزان و دارمانی کۆمەڵگا وەکو ئێستا بە چاوی خۆمان دەبینین، بە پێچەوانەشەوە هەرکات دەستمان گرت بە شێوازی ژیانی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) ئەو کات ئاسودەیی ڕوو لە تەواوی ماڵەکان دەکات و ژیانی تەواوی خەڵك بەرەو خۆشی هەنگاو دەنێ و دور دەبێت لە کێشەکانی شەڕو گرفت و تەلاق و چەندین کێشەی تری کۆمەڵایەتی، زۆر جار کێشەکان لە گرفتی بچوکەوە دەست پێ دەکات قسیەکی ناشیرین، تورەبونێکی کەم، ڕوو گرژیەك، کە ئەو کێشانە لە دەست پێکیدا بەیەك داوای لێ بردن کۆتایی دەیێت هیچ لایەك لە ژن و مێرد ئامادە نین ئەم داوای لێ بردنە بکەن کێشەکەش تا تاخیر تر دەبێت و کۆن تر دەبێت چارەسەری، دەکردن، جاری واش هەیە دەگاتە تلاق و کوشتن، ئەگەر بە ژیرانە بیر بکەینەوە دەبینین کێشەی زۆربەی خێزانەکان لەم گرفتە بچوکانەوە دەست پێ دەکات و کۆتایی بە هەواڵێکی ناخۆش دێت بۆیە ئێمە ئەگەر ژیانی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) لەبەر چاو بگرین دەبینین گرفتەکان بەرەو کۆتایی دێن لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) لە ژیانیدا لەگەڵ خێزانەکانی نەجونی پێداون نە لێی داون نە دەری کردون بەڵکو ڕێزی لێ گرتون.

## بەشی دووەم: شێوازی چارەسەری پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لۆ کێشە خێزانیەکان ئەویش لە پێنج تەوەر ئاماژەی پێ دەکەین.

### تەوەری یەکەم: چارەسەری کێشەی خێزانی لە کاتی تورە بوون:

بەڕاستی بەشەکی زۆری کێشە خێزانیەکان بە بێ دەنگی چارەسەر دەکرێت واتە لە کاتی تورە بون ئینسان بێ دەنگ بێت چونکە قسەی کاتی تورەیی هەمووی هەڵەیە بگرە هەندێ جار ئینسان زۆر لێی پەشیمانە، بۆیە ئەگەر سەیرەکی فەرمودەکانی پێغەمبەر بکەین دەبینین زۆر هانمان دەدەن کە لەکاتی تورەیی بە شێوەیەکی گشتی بە تایبەتیش لە کاتی تورە بون لە کێشە خێزانیەکان چەند کارێك ئەنجام بدەین بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەکان:

---

([٢٩]) رواه أبوداود (٢٩/٣) رقم الحديث (٢٥٧٨)، والنسائي في السن الكبرى (١٧٨/٨) رقم الحديث (٨٨٩٦)، وأحمد في مسنده (٣١٣/٤٢) رقم الحديث (٢٦٢٧٧)، والبيهقي في السنن الكبرى (٣١/١٠) رقم الحديث (١٩٧٥٨).

([٣٠]) رواه مسلم (١٦٠٩/٣) رقم الحديث (٢٠٣٧).

([٣١]) شرح صحيح مسلم، النووي (٢٠٨/١٣).

**یەکەم: ئەگەر گرفت لەماڵت پەیدا بوو ڕوی لە زیاد بون بوو خەریك بوو گەیشتە حاڵەتی تورە بون ئەوە خۆت بپارێزە لەکاتی تورەیی قسە بکەی چونکە بێ دەنگی کێشەکەت لۆ چارەسەر دەکات، هەر وەکو لەم فەرمودەیە هاتوە:** ((إِذَا غَضِبَ أَحَدُكُمْ فَلْيَسْكُتْ)) [٣٢].

**واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێوە تورە بوو با بێدەنگ بێت.**

**پێشەوا ئیبن و ڕەجەب ئەلحەنبەلی دەفەرموێ دەربارەی ئەو فەرمودەیە: ئەوە چارەسەرێکی گەورەیە لۆ تورەیی، لەبەر ئەوەی کەسی تورە هەندێ قسە دەکات لە کاتی تورەیی، کە تورەییەکەی ڕۆی لێی پەشیمان دەبێتەوە لە جونەکان و شتی تریش کە زەرەری زۆر گەورەی لە دوایە، ئەگەر بێ دەنگ بێت ئەو شەڕانەی هەموو لەسەر لا دەچێت**[٣٣].

**دووەم: ئەگەر نەتوانی بێ دەنگ بی لەکاتی تورەیی ئەوە بلێ** (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم) **هەر وەکو لە فەرمودەدا هاتوە:** عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ صُرَدٍ، قَالَ: كُنْتُ جَالِسًا مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَرَجُلاَنِ يَسْتَبَّانِ، فَأَحَدُهُمَا احْمَرَّ وَجْهُهُ، وَانْتَفَخَتْ أَوْدَاجُهُ، فَقَالَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): (( إِنِّي لَأَعْلَمُ كَلِمَةً لَوْ قَالَهَا ذَهَبَ عَنْهُ مَا يَجِدُ، لَوْ قَالَ: أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ)) [٣٤].

**واتە: سلێمانی کوڕی صورەد فەرمووی: من دانیشتبوم لە خزمەت پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) دوو پیاو جونیان بە یەك دەدا، یەکێکیان دەم و چاوی سۆر هەڵگەڕابوو، دەمارەکانی پڕ ببوون، پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: من وشیەك دەزانم ئەگەر بی لێت تورەیەکەی دەڕوات، ئەگەر بلێت** (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم).

**سێ یەم: دەست نوێژ بشۆی هەرکات تورە بوی هەروەکو پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) دەفەرموێ:** ((إِنَّ الْغَضَبَ مِنَ الشَّيْطَانِ، وَإِنَّ الشَّيْطَانَ خُلِقَ مِنَ النَّارِ، وَإِنَّمَا تُطْفَأُ النَّارُ بِالْمَاءِ، فَإِذَا غَضِبَ أَحَدُكُمْ فَلْيَتَوَضَّأْ)) [٣٥].

**واتە: بەڕاستی تورەیی لە شەیتانەوەیە، شەیتانیش لە ئاگر دروست بووە، ئاگریش بە ئاو دەکوژێتەوە، ئەگەر یەکێك لە ئێوە تورە بوو با دەست نوێژ بشوات.**

**چوارەم: لە کاتی تورەیی ئەگەر بە پێوە بوی ئەوە دانیشە، ئەگەر تورەییەکەت ڕۆی ئەگەر نا پاڕدەوە، هەروەکو پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) دەفەموێ:** ((إِذَا غَضِبَ أَحَدُكُمْ وَهُوَ قَائِمٌ فَلْيَجْلِسْ، فَإِنْ ذَهَبَ عَنْهُ الْغَضَبُ وَإِلَّا فَلْيَضْطَجِعْ)) [٣٦].

**واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێوە تورە بوو بە پێوە بوو با دابنیشێ، ئەگەر تورەییەکەی ڕۆیی ئەگەر نا با پاربداتەوە.**

## تەوەری دووەم: چارەسەری کێشەی خێزانی بە شێوازی پێکەنین و زەردە خەنە.

**کێشەی هەندێك لە خێزانەکان بریتیە لە نەبونی دەربڕینی کەیف خۆشی، پێکەنین، زەردە خەنە، وتەی جوان، کاتێك ئەمانە هیچی نەبوو لە جێگای ئەمانە گرفت و شەڕو ئاژاوە ڕوو لە ماڵکان دەکات، بۆیە دەبێت ئینسان خۆی لەسەر ڕەوشت و ڕوخسار جوان و پێکەنین و زەردەخەنە لێ ڕابێنیت.**

**عائیشە دایکی باوەڕداران دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) ڕوژێك هاتە لای من، ئەمنیش پێم گوت: ئەمڕۆ تۆ لە کوێ بوی؟ فەرموی: لە لای دایکی سەلەمە بوم، عائیشە فەرموی: لە دایکی سەلەمە تێر نابی، عائیشە دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) زەردەخەنەی کرد.**

---

(٣٢) رواه أحمد في مسنده (٤٠/٤) رقم لحديث (٢١٣٦).

(٣٣) جامع العلوم والحكم، ابن رجب الحنبلي (٣٦٦/١).

(٣٤) رواه البخاري (١٢٤/٤) رقم الحديث (٣٢٨٢)، ومسلم (٢٠١٥/٤) رقم الحديث (٣٦١٠).

(٣٥) رواه أبو داود (٢٤٩/٤) رقم الحديث (٤٧٨٤)، وأحمد في مسنده (٥٠٥/٢٩) رقم الحديث (١٧٩٨٥)، والطبراني في المعجم الكبير (١٦٧/١٧) رقم الحديث (٤٤٣).

(٣٦) رواه أبو داود (٢٤٩/٤) رقم الحديث (٤٧٨٢)، وأحمد في مسنده (٢٧٨/٣٥) رقم الحديث (٢١٣٤٨)، وابن حبان في صحيحه (٥٠١/١٢) رقم الحديث (٥٦٨٨).

عائیشه دەفەرموێ: دوای بە پێغەمبەرم گوت (درودی خوای لێ بێت): ئەی پێغەمبەری خوا پێم بڵێ ئەگەر بچیتە جێگایەك دوو لەوەڕی هەبێت یەكێكیان لێی خوراوەو پێشی تۆ شوان چونە مەڕیان لێ لەوەڕاندیە، ئەوی تر كەسی نەچویێ، تۆ لە كیهانیان مەڕەكانت دەلەوەڕێنیت، پێغەمبەر فەرموی: ئەوەی كەوا مەڕی تێدا نەلەوەڕایە، عائیشە فەرموی: من وەكو هیچ لە خێزانەكانت نیم، هەموو خێزانەكانت پێشتر لەلای پیاوێكی تر بوون واتە بێوەژن بوون تەنها من نەبێ، پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) تەنها زەردەخەی كرد [٣٧].

لە دایكی باوەڕداران عائیشە پرسیاریان كرد ئەگەر پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لە ماڵەوە دەستی بەتاڵ با چی دەركرد؟

فەرموی: لە هەموو كەس نەرم تر بوو، لە هەموو كەس سەختی تر بوو، وەكو یەكێك لە پیاوان بوو، تەنها ئەوە نەبێت زۆر پێ دەكەنی و زۆر زەردەخەنەی دەكرد [٣٨].

جیاوازی نێوان ئێمەو پێغەمبەری خوا درودی خوی لێ بێت تەنها ڕوو خۆشی و پێكەنینە، كە زۆر جار ئەو ماڵانەی بێ بەشن لەم چارەسەرە گەورەیە گرفت لە ماڵەكان ساز دەبێت، بۆ چارەسەر كردنی گرفتەكەش ئەوەیە كە ئینسان شێوازی ژیانی بگۆڕی لە ڕوو گرژی و تورەی و مروو مۆچی لۆ خەندە بەخشین و پێكەنین و ڕروخساری گەشاوە بەم شێوازە دەتوانی زاڵ بیت بەسەر كۆمەڵێك گرفت كە كلیلی چارەسەرەكەیان لە دەست خۆتەو زۆر ئاسنە كە بریتیە لە پێكەنین و زردەخەنە.

## تەوەری سێ یەم: چارەسەری كێشەی خێزانی بە شێوازی گفتوگۆ.

گفتوگۆ یەكێكە لە چارە سەرە هەرە گرینگەكانی كێشە خێزانیەكان زۆر كێشە هەیە بەگفتوگۆیەكی كەم چارەسەر دەبێت، بەڵام گوێ ڕانەگرتن لە خێزان و بەكارهێنانی زمانی زبرو قسەی نەشیاو جێگای گفتوگۆ دەگرێتەوە ئەگەر ئینسان زۆر بە هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ گرفتەكان نەكات، جوانترین نمونە لە ژیانی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) ئەوەیە كاتێك پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) ئافرەتێك مارە دەكات بەناوی صەفیە كە باوكی بەناوی حوییەی كوڕی ئەختەب لەگەڵ ئەوانەی لە بەنی قورەیزە بوون كوژرا، پیاوەكەشی لە شەڕی خەیبەر بەناوی كنانە كوڕی ئەڕەبیع كوژرا، كەواتە هەردوكیان لەو شەڕانە كوژران كە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) سەرپەرشتی دەكرد بە خۆی لەگەڵ دا بووە.

پرسیارەكە لێرە ئەوە ئایا پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) چۆن توانی صەفیە كچی پیاوێكی جولەكە بكات بە موسڵمان، لەلایەكی تر ئایا ئافرەتێك باوكی و مێردەكەی بەدەستی جەیشی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) كوژرابێت چۆن ئێستا لەگەڵ پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) دەتوانی ژیان بەسەر بات.

عبدالله كوڕی عومەر دەفەرموێ: صەفیە فەرموی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) لە هەموو كەس زیاتر ڕقم لێ دەبووەوە، باب و مێردی كوشتم زۆریشی لە قەومەكەم كوشت، بەردەوام داوای لێ بردنی لێ دەكردم، دەیفەرموو: ئەی صەفیە بابی توو عەرەبی لەسەر من هان دەدا وای كرد وای كرد، هەتا ئەوەی لە دڵم بوو نەما [٣٩].

پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) بە صەفیەی فەرموو: ئەگەر لەسەر دینی خۆت بی زۆریت لێ ناكەین، ئەگەر خوداو پێغەمبەر هەڵبژێری ئەوە دەتكەمە خێزانی خۆم، فەرموی: بەڵكو خوداو پێغەمبەر هەڵدەبژێرم [٤٠].

---

(٣٧) الطبقات الكبرى، لابن سعد (٨/٦٤).

(٣٨) رواه إسحاق بن راهويه في مسنده (٣/١٠٠٨) رقم الحديث (١٧٥٠).

(٣٩) رواه ابن حبان في صحيحه (١١/٦٠٩) رقم الحديث (٥١٩٩)، والطبراني في المعجم الكبير (٢٤/٦٧) رقم الحديث (١٧٧) والبيهقي في السنن الكبرى (٩/٢٣١) رقم الحديث (١٨٣٨٧).

(٤٠) المغازي، الواقدي (٢/٧٠٧)، تاريخ دمشق، ابن عساكر (٣/٢٢٢)، إمتاع الأسماع بما للنبي من الأحوال والأموال والحفدة والمتاع، المقرزي (١٠/٥٦).

پێغەمبەری خوا ئازادی کردو پاشان مارەی کرد، ئەوەندەش ئاکاری جوانی نیشانی صەفیە دا وەکو چۆکی موبارەکی خۆی لۆ صەفیە دادەنا تا بچێتە سەر پشتی حوشتر [٤١]، جارێك حەفصە پێی گوت کچی جولەکە گریا پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرموی لۆ دەگریی، گوتی حەفصە پێم دەڵێت کچە جولەکە.

پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرموی: تۆ کچی پێغەمبەری مەبەست پێی پێغەمبەر موسایە، ماميشت پێغەمبەرە مەبەست پێی پێغەمبەر هارونە، مێردیشت پێغەمبەرە مەبەست پێی خۆی بوو، کەواتە بە چی شانازی دەکات بەسەر تۆوە، کەدڵی ئەوی چا کردەوە ڕوی لە حەفصەی خێزانی کرد فەرموی: لە خوا بترسە ئەی حەفصە [٤٢].

پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) ئەوەندە گفتوگۆو قسەی خۆش و کرداری جوانی نیشانی صەفیە دا بەجارێك جێگای خۆی لەناو دڵی کردەوە، بەئاستێك تەنها دوای سێ ساڵ چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لە غەزوەی خەیبەر لەساڵی حەوتی هیجری مارەی کرد لە دەی هیجری وەفاتی کرد، لە کاتی نەخۆشیەکەی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) خێزانەکانی لە لای کۆبونەوە، صەفیە فەرموی: سوێند بە خوا ئەی پێغەمبەری خوا پێم خۆش بوو ئەو نەخۆشیەی لەسەر تۆیە لەسەر من با، خێزانەکانی تری بەچاو ئاماژەیان کرد وەك بلێی وانیە، پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) دیتی، فەرموی: سوێند بە خوا صەفیە ڕاست گۆیە واتە قسەکەی ڕاستە.

لێرەدا ئەوەی گرینگە لۆ چارەسەر کردنی کێشەی خێزانی بزانە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) چۆن توانی تەنها لە ماوەی سێ ساڵ وا لەم ئافەرەتە بکات هەموو دوژمنایەتیەکەی بکات بە خۆشەویستی ببێت بە ئافرەتێك حەز بکات ئازاری مێردەکەی هی ئەو بێت، ئەو ڕاستیە ئەوەمان لۆ دەسەلمێنێت کە تەنها گفتوگۆ، قەبوڵکردنی پاساوی یەکتر، قسەی شیرین، ئاکاری جوان، ڕەوشتی بەرز، دەتوانن دەرئەنجامی جوانیان هەبێت، بەلام گارەگارو گوێ ڕانەگرتن لە یەکتری و جون دان خێزانەکان دەکات بە دوو بەشی نەخوازراو.

## تەوەری چوارەم: چارەسەری کێشەی خێزانی بە شێوازی ئامۆژگاری.

ئامۆژگاری کاریگەری زۆری هەیە لەسەر دڵی ئینسان سودی زۆری هەیە لۆ چارەسەر کردنی کێشەی خێزان قەد کەسێك سەر کەوتوو نابێت ئەگەر هاتوو دەست بەرداری ئامۆژگاری بێت، بۆیە دەبێت ئامۆژگاری بکەینە پیشەی ڕۆژانەمان لەگەڵ هەر گرفتێك ئامۆژگاریەك هەیە چارەسەری دەکات، بۆیە دەبێ ئەم ڕاستیە بزانین ئەو کەسانەی وازیان لە ئامۆژگاری هێناوە یا خود گرنگی پێ نادەن ئەوانە لە دین باش حاڵی نەبونە چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: ((الدِّينُ النَّصِيحَةُ))[٤٣].

واتە: دین ئامۆژگاریە.

بۆیە دەبینین کاتێك عائیشە دایکی باوەڕداران بە پێغەمبەری گوت: ئەوەندە بەسە لە صەفیە ئەوهاو ئەوهایە واتە بەژنی کورتە.

پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) لێی بیت دەنگ نابێت بەڵکو ئامۆژگاری دەکات و قسەکی پێ دەڵێت تا جاری تر ئەم شتە دوبارە نەکاتەوە فەرموی: قسەیەکت کرد ئەگەر تێکەڵی بکەی لەگەڵ ئاوی بەحر تامی دەگۆڕی و بۆگەنی دەکات [٤٤].

ئامۆژگاری کاریگەری خۆی هەیە یەکێك لە یاوەرانی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) بە ناوی باوکی دەرداء فەرمویە خێزانی دایکی دەرداء: ئەگەر دیتت تورە بوم ڕازیم بکە، ئەگەر تۆش تورە بوی من ڕازیت دەکەم، ئەگەر ئەوها نەبین زۆر زوو لێك جودا دەبینەوە [٤٥].

---

[٤١] رواه البخاري (١٣٥/٥) رقم الحديث (٤٢١١).

[٤٢] رواه الترمذي (٧٠٩/٥) رقم الحديث (٣٨٩٤)، وإسحاق بن راهويه (٢٦١/٤) رقم الحديث (٢٠٨٧)، وأحمد في مسنده (٣٨٤/١٩) رقم الحديث (١٢٣٩٢)، وأبو يعلى في مسنده (١٥٨/٦) رقم الحديث (٣٤٣٧)، والطبراني في المعجم الكبير، (٧٠/٢٤) رقم الحديث (١٨٦).

[٤٣] رواه مسلم (٧٤/١) رقم الحديث (٥٥).

[٤٤] رواه أبو داود (٢٦٩/٤) رقم الحديث (٤٨٧٥)، والترمذي (٦٦٠/٤) رقم الحديث (٢٥٠٢)، وأحمد في مسنده (٣٦١/٤٢) رقم الحديث (٢٥٥٦٠).

دوو ئامۆژگاری گرینگ هەیە لە فەرمودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لیٚ بیٚت) یەکێکیان لۆ پیاوەکان ئەوەی تریان لۆ ئافرەتان، پێم وایە ئەگەر هەر خێزانێك ئەم دوو ئامۆژگاریە جیٚ بە جیٚ بکات کێشەو گرفت ڕوو لە ماڵیان ناکات:

فەرمودەی یەکەم: پێغەمبەر (درودی خوای لیٚ بیٚت) دەفەرمویٚ: ((لَا يَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً، إِنْ كَرِهَ مِنْهَا خُلُقًا رَضِيَ مِنْهَا آخَرَ)) [٤٦].

واتە: هیچ پیاوێکی باوەڕدار ڕقی لە خێزانەکەی نەبێتەوە کە بڕواداره، چونکە ئەگەر ڕەوشتێکیت بە دڵ نەبوو ئەوە خۆ هی تری هەیە پێی ڕازی بیو بە دڵت بیٚت.

ڕاڤەکارانی فەرمودە قسەی جوانیان لەسەر ئەم فەرمودەیە کردوە، پێشەوا: عبدالرحمن ئال سعد دەفەرمویٚ: ئەو ئامۆژگاریە لە پێغەمبەر (درودی خوای لیٚ بیٚت) لۆ پیاوە کەوا بە جوانترین شێوە هەڵس وکەوت بکات لەگەڵ خێزانەکەی، قەدەغەی تێدایە بۆ باوەڕدار کە خراپ لەگەڵ خێزانی هەڵس وکەوت بکات، قەدەغەکردنی شتێکیش فەرمانکردنە بە پێچەوانەکەی، فەرمانەکەش ئەوەیە تەنیا ڕەچاوی ڕەوشتە جوانەکانی خێزانەکەت بکەی ئەو شتانەی کە لەگەڵت دەگونجیٚ، ئەوانە هەمووی لەبەرامبەر ئەو ڕەوشتانە دابنیٚ کە بەدڵت نیە، پیاو ئەگەر ورد بێتەوە لە ڕەوشتە جوانەکانی خێزانەکەی وە ئەو شتە جوانانەی کەپێی خۆشە، ئەو کات تەماشای هۆکاری ئەوە بکات کە وای لیٚ دەکات لە ژنەکەی بێزار بیٚت و خراپ مامەڵەی لەگەڵ بکات دەبینی تەنها یەك شتە یان دوو شت بۆ نمونە، بەڵام ئەوەی ئافرەتەکە تێیی دایە لەوەی پیاوەکە پێی خۆشە زۆر زیاترە، ئەگەر لەو کاتە پیاوێکی بە ئینصاف بیٚت چاوی دادەپۆشی لە خراپەکانی خێزانەکەی لەبەر ئەوەی خراپەکان دەتوێنەوە لەناو زۆری چاکەکان.

بەوە ژیانی ژن و مێرد بەردەوام دەبیٚت، مافەکانی کە واجبن یان سونەتن دەدرێن، بەڵکو ئەوەی لە خێزانەکەی پێی ناخۆشە هەوڵ دەدات ڕاستی کاتەوە یان بیگۆڕی، بەڵام ئەوەی چاوی بنوقێنی لە بەرامبەر چاکەکان چاودێری خراپەکان بکات با کەمیش بیٚت ئەوە لە بیٚ ئینصافیە ناتوانیٚ ژیانی خۆش بیٚت لەگەڵ خێزانی.

خەڵك لەو ڕووەوە سیٚ بەشن:

بەرزترینیان: چاودێری ڕەوشتە جوانەکان و شتە جوانەکان دەکات، چاو دەنوقێنی لە هەموو خراپەکان و لەبیریان دەکات.

کەمترینیان کە ڕێك کەویٚ سەرکەوتوو بیٚت لە ڕوی باوەڕو ڕەوشتی جوانیشەوە، ئەوە ڕێك پێچەوانەی خاڵی پێشوە، چاکەکان بەبەلاش دەداو هەر کوی بیٚت، خراپەکان لەبەر چاوی دادەنێت بەڵکو خراپەکان درێژ دەکاتەوە فراوانی دەکا ڕاڤەی دەکا بەگومان و تەئویلی وا کە خراپەی زۆر کەمیش زۆر دەکات هەر وەکو ئێستا.

بەشی سیٚ یەم: ڕەچاوی هەردوو کاری باشەو خراپە دەکات، پێوەریان دەکات، مامەڵە لەگەڵ خێزانی بەو شێوەیە دەکات کە پێویست دەکات [٤٧].

فەرمودەی دووەم: پێغەمبەر (درودی خوای لیٚ بیٚت) دەفەرمویٚت: ((ألا أخبركم بنسائكم في الجنة؟ كل ودود ولود، إذا غَضبتْ أو أُسيء إليها أو غَضِبَ زوجها؛ قالت: هذه يدي في يدك؛ لا أكتحل بغمض حتى ترضى)) [٤٨].

واتە: ئایا هەواڵتان پێنەدەم بە ئافرەتانتان کە لە بەهەشتن، هەموو ئافرەتێکی زۆر خۆشەویستی هەیە لۆ پیاوەکەی منداڵی دەبێت، ئەگەر توڕە بوو یان خراپەی کرا بەرامبەری یان مێردەکەی لێی توڕە بوو دەڵیٚ: ئەمە دەستم لە ناو دەستت چاوم ناچێتە خەو هەتا ڕازی دەبی.

ئایا ئەگەر پیاوەکان فەرمودەی یەکەم جیٚ بە جیٚ بکەن هەر کات شتێکی خراپیان لە خێزانیان دیت چاکەکان بیننە بەر چاویان لەبەر زۆری چاکەکان خۆیان پێشەرمەزار بیٚت کە باس لە شتێکی خراپ بکەن، ئافرەتانیش بگەون بە ئاستێك ئەگەر هەڵەش کرا بەرامبەریان یا خود توڕە

---

(٤٥) روضة العقلاء ونزهة الفضلاء، أبو حاتم البستي (٧٢).

(٤٦) رواه مسلم (١٠٩١/٢) رقم الحديث (١٤٦٩).

(٤٧) بهجة قلوب الأبرار وقرة عيون الأخيار، عبد الرحمن بن ناصر آل سعدي (١٢٢).

(٤٨) رواه الطبراني في المعجم الكبير (٨٩/١) رقم الحديث (١١٨)، وصححه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة (١١٣٦/٧) رقم الحديث (٣٣٨٠).

کران ئەوجا بچن دەست بخنە ناو دەستی پیاوەکەیان بڵێن خەو ناچێتە چاوی ئێمە لە کاتێك بزانین ئێوە لێمات تورەن، دەبێ لە پاشی ئەم دوو هەڵوێستە جوامێرانە کێشە بونی بمینێ لە ناو خێزانەکان!

## تەوەری پێنجەم: مامەڵە کردن بە شێوازی حەکیمانە لەگەڵ کێشە گەورەکانی ڕوو بە ڕووی خێزان دەبنەوە.

هەر کێشەیەکی گەورە ڕوو بە ڕووی خێزان بێتەوە ئەگەر کەسەکە حەکیم و لێزان بێت زۆر بە ئاسانی چارەسەری دەکات، هەروەکو کێشەی بچوك کە توشی ئینسانی خاوەن کەم ئەزمون دەبێت کێشەکە لە قەبارەی خۆی زۆر گەورە تر دەکات و پاشانیش پێی چارەسەر نابێت ناچار کەسانی تر دێن لۆی چارەسەر دەکەن، کەواتە ئێستا ئێمە پێویستمان بە کەسانی زۆر داناو زانایە لۆ چارەسەر کردنی کێشەکان ئەگەر کەسێکیش لەم بوارە ئەزمونی نەبوو دەتوانی ڕاوێژ بە کەسانی خاوەن ئەزمون بکات هەروەکو قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ﴾ [49].

واتە: باوەڕداران کارو باری خۆیان بە پرس و ڕاوێژ لە بەینی خۆیان دەکەن.

گەورەترین کێشە کە لە ماڵی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) ڕووی دابێت برتیە لە کێشەی بوختان کردن بە دایکی باوەڕداران عائیشەی کچی پێشەوا ئەبو بەکری ڕاست گۆ، کورتەی چیرۆکی بوختان کردنەکە ئەوەیە:

پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) دوای ئەوەی لە غەزوەی ( بني المصطلق ) گەڕاوە دایکی باوەڕداران عائیشەی لەگەڵ بوو، عائیشە دەفەرموێ: لە کاتی گەڕانەوە بۆ شاری مەدینە چوم بۆ سەر ئاو کاتی گەڕامەوە خەناوکەیەکم لێ پسا بوو بەدوی دا گەڕامەوە تا دیتمەوە تاخیر بووم کە هاتمەوە ئەوان ڕۆیشتبون زانیم کەوا دینەوە بەدوام لە جێگای خۆم دانیشتم، صەفوانی کوڕی ئەلموعەتل لە دواوەی جەیشەکە بوو کە چاوی بە من کوت تەنها گوتی (إنا لله وإنا إليه راجعون) حوشترەکەی دابەزاندوو من سوار بوم لە ڕۆژی ڕوناك گەیشتینەوە جەیشەکە، کە خەڵکەکە چاویان پێ کەوت هەندێك گوتیان ئەم دوانە لەیەکتر سەلامەت نەبوینە، دوو ڕووەکان ئەوەیان قۆزتەوە بەناو شاری مەدینە ئەم بوختانەیان بلاّو کردەوە، پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) زۆر پێی نیگەران بوو، ئەم کێشەیە یەك مانگی خایاند وەحی نەهات، پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) پرسی بەهەندێ لە یاوەرەکانی دەکرد دەربارەی ئەم کێشەیە، بۆچونەکان جیاواز بون هەندێك ئاماژەیان بە جیا بونەوە دەکرد، هەندێکی تر زۆر عائیشەیان بە ئافرەتێکی چاك وەصف دەکرد، تا وای لێ هات پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) ئەم کێشەیەی لەسەر میمبەر ئاماژە پێ کردو هەر چارەسەر نەبوو.

لێرە ئەوەی گرینگە ئەوەیە هەڵوێستی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لەسەر ئەم کێشە گەورەیە ئەوەبوو فەرموی بە عائیشە: ((يَا عَائِشَةُ، فَإِنَّهُ بَلَغَنِي عَنْكِ كَذَا وَكَذَا، فَإِنْ كُنْتِ بَرِيئَةً، فَسَيُبَرِّئُكِ اللَّهُ، وَإِنْ كُنْتِ أَلْمَمْتِ بِذَنْبٍ، فَاسْتَغْفِرِي اللَّهَ وَتُوبِي إِلَيْهِ، فَإِنَّ العَبْدَ إِذَا اعْتَرَفَ بِذَنْبِهِ، ثُمَّ تَابَ تَابَ اللَّهُ عَلَيْهِ)) [50].

واتە: ئەی عائیشە بەڕاستی چەند شتێکم پێ گەیشتیە، ئەگەر تۆ ئەستۆ پاك بی ئەوە خوا ئەستۆ پاکی تۆ دەکات، ئەگەر تۆش نزیك بویەوە لە گوناە، داوای لێ خۆش بون لە خوا بکەو بگەڕێوە لای خوا، چونکە بەڕاستی ئەگەر بەندە دانی نا بە گوناهەکەی، پاشان تۆبەی کرد، خواش تۆبەکەی لێ وەردەگری.

دوای ئەمە ئایەتەکانی ئەستۆ پاکی عائیشە لە چەند ئایەتێکی قورئان هاتە خواری[51].

لێرە ئەوەی گرینگە بیلێین ئەوەیە: ئایا تا چەند موسڵمانان توشی کێشەی لەو جۆرە دەبن بە ئارامی و لەسەرەخۆیی چارەسەری دەکەن وەکو پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت)، یا خود بە پێچەوانەوە بەبێ سەبر گرتن، یەکسەر پەنا لۆ کاری توندو تیژی دەبەن وەکو لێدان و جوندان و هەتا دەگاتە کاری کوشتنیش، بەم کردەوانە وا دەزانن پیاوەتی و دینداری خۆیان دەسەلمێنن، کەچی نازانن ئەمانە هەموی گوناهو

---

(٤٩) الشورى (٣٨).

(٥٠) رواه البخاري (١٧٣/٣) رقم الحديث (٢٦٦١)، ومسلم (٢١٢٩/٤) رقم الحديث (٢٧٧٠).

(٥١) بروانە سورەتی نور ئایەتەکانی (١١ هەتا ٢٤).

تاوانە، چونکە بابەتەکە یەك لایی نەبوەتەوە ئەوان فەرمانەکانی دەیانەویٚ بە ئارەزوی خۆیان جیٚ بەجیٚی دەکەن، ئەمە لە لایەك لەلایەتی تر چەند کاری زۆر بچوك یا خود بلیٚن گوناهی بچوك، یان تەنها قسەو قسەلۆکی خەلْك ئافرەتی داویٚن پاکی لەسەر هاتۆتە کوشتن کە ئەمانە هیچ تەعبیر لەشەرعی خوا نادەن بەلْکو ئینسان بە هەواو ئارەزوی خۆی بریاری چەوت دەداو جیٚ بە جیٚی دەکات، لەکاتیٚك پیٚغەمبەری خوا (درودی خوای لیٚ بیٚت) یەك مانگ سەبری گرت تا کیٚشەکەی یەك لای بووەوە، ئەمە لە لایەك لەلایەکی تر بروانە گفتوگۆی پیٚغەمبەر (درودی خوای لیٚ بیٚت) لەگەلْ عائیشە لەم کاتە ناسکە: ئەی عائیشە بەراستی چەند شتیٚکم پیٚ گەیشتیە، ئەگەر تۆ ئەستۆ پاك بی ئەوە خوا ئەستۆ پاکی تۆ دەکات، ئەگەر تۆش نزیك بویەوە لە گوناه، داوای لیٚ خۆش بون لە خوا بکەو بگەرێوە لای خوا، چونکە بەراستی ئەگەر بەندە دانی نا بە گوناهەکەی، پاشان تۆبەی کرد، خواش تۆبەکەی لیٚ وەردەگری.

بەراستی لەم وتە جوانانە ئەوەمان بۆ دەردەکەویٚ کە موسلْمانان لەچەندین جیٚگا لە شەرعی خوا تیٚدەپەریٚنن زیاد لە پیٚویست کار ئەنجام دەدەن، ئەگەر پیٚغەمبەری خوا (درودی خوای لیٚ بیٚت) پیٚشەنگ بیٚت بۆ ئیٚمە دلْنیام زۆر لە کیٚشە گەورەکان چارەسەر دەبن زۆر بە ئاسانی، لە هەمان کاتیشدا لەزۆر لە کیٚشەکان دور دەکەوینەوە بەقدەر دەست گرتنمان بە دینی خوا کار ئاسانیمان لۆ دەکریٚ بۆیە بەراستی دەبیٚ جاریٚکی تر چاو بە رابردوی خۆمان بگیٚرینەوە هەلْوەستە لەسەر تەواوی شتەکان بکەین هەر کاریٚك چاك بوە بەرەو چاکتری ببەین، هەر کاریٚك چەوت و هەلْە و خراپ بوە تەوبەی لیٚ بکەین و جاریٚکی تر دوبارەی نەکەینەوە بەم شیٚوەیە ژیانمان روو لە ئاسودەیی و خۆش بەختی دەکات.

## پوختە

کیٚشەو گرفتەکان ئەگەر هاتوو هەرکات بە فلتەری خۆیدا تیٚپەر بوون ئەوا چارەسەر کردنیان زۆر ئاسان دەبیٚت، بەلاّم کاتیٚك گرفتیٚك روو دەدات ئەگەر هاتوو بە ریٚگایەکی هەلْە دا رۆیشت دوو جار دەبیٚت بە گرفت ئاسایی کردنەوەی ئاسان نابیٚت، بۆیە ئیٚمە باشترین چارەسەرمان هەلْ بژاردووە ئەویش ژیانی پیٚغەمبەرە (درودی خوای لیٚ بیٚت) لۆ چارەسەر کردنی گرفتەکان کۆتایی هیٚنان بە کیٚشەکان، گەیشتین بەو قەناعاتەی کە هەموو مالْیٚك گرفتی تیٚدا هەیە کەم تا زۆر ئەمە شتیٚکی ئاساییە بەلاّم شیٚوازی مامەلْە کردن لەگەلْ گرفتەکان ئەنجامەکان دەگۆریٚت بۆیە دەبیٚت زۆر بە وردی دیراسەی کیٚشەکان بکریٚت نابیٚت بە هیچ شیٚوازیٚك پەلەی لیٚ بکریٚت و بریاری هەلْەی لەسەر بدریٚت زۆر بە لیٚزانانە کیٚشەکان چارەسەر بکریٚت، ئەو کات تەواوی مالْەکان ئاسودە دەبن.

ئەمە راستەیەکی گرنگە کەوا هەندیٚ چارەسەر هەیە لۆ گرفتەکان زۆر ئاسانە جیٚ بە جیٚ کردنیان، بەلاّم کەسانیٚك هەن هەرگیز بیر لە چارەسەری ژیرانە ناکەنەوە بەلْکو پەنا لۆ کاری دزیٚوو ناشرین دەبەن ئەمانەش نەك هەر گرفتەکان چارەسەر ناکا بەلْکو روحی کینەو رق لە دلْدا زیاتر دەکا، بۆیە ئەگەر دەمانەویٚت گرفتەکان بن بر بن و کۆتاییان پیٚ بیٚت ئەوە دەبیٚ دەست بە ئامۆژگاریەکانی پیٚغەمبەر (درودی خوای لیٚ بیٚت) بگرین لە ژیانی رۆژانەی خۆمان جیٚ بە جیٚ بکەین.

هەگیز بیر لە توندی و تیژی مەکەوە لۆ چارەسەر کردنی گرفتەکان چونکە گرفتی تری لیٚ بەدیار دەکەویٚت ئەگەر ئەم جۆرە کارە باش با پیٚغەمبەر (درودی خوای لیٚ بیٚت) تەنها جاریٚك لە ژیانی بە کاری دەهیٚنا یا خود لەیەك فەرمودە ئاماژەی پیٚ دەکرد بۆیە دەبیٚت بگەین بەو راستیە ئەوەی بە نەرم و نیانی جیٚ بە جیٚ دەکریٚ هیچ کات توندی ناتوانیٚت جیٚگای بگریٚتەوە.

## سەرچاوەکان دوای قورئانی پیرۆز


١- الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله صلى الله عليه وسلم وسننه وأيامه، صحيح البخاري، أبو عبد الله محمد بن إسماعيل البخاري الجعفي، حققه محمد زهير بن ناصر الناصر، الناشر: دار طوق النجاة، ط١: ١٤٢٢هـ ــــــــــــــــــ ٢٠٠٠م.

٢- مسند الإمام أحمد بن حنبل، أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل بن هلال بن أسد الشيباني،(ت: ٢٤١هـ)،المحقق: شعيب الأرنؤوط - عادل مرشد، وآخرون، إشراف: د عبد الله بن عبد المحسن التركي، الناشر: مؤسسة الرسالة، ط١: ١٤٢١ هـ - ٢٠٠١م.

٣- المعجم الكبير، أبو القاسم الطبراني سليمان بن أحمد بن أيوب بن مطير اللخمي الشامي، (ت:٣٦٠هـ)،المحقق: حمدي بن عبد المجيد السلفي، دار النشر: مكتبة ابن تيمية – القاهرة، ط٢، ١٤١٥هـ ـــــــــ ١٩٩٤م.

٤- سنن أبي داود، أبو داود سليمان بن الأشعث بن إسحاق بن بشير بن شداد بن عمرو الأزدي السِّجِسْتاني، (ت: ٢٧٥هـ)، المحقق: محمد محيي الدين عبد الحميد، الناشر: المكتبة العصرية، صيدا – بيروت.

٥- فتح الباري شرح صحيح البخاري، أبو الفضل أحمد بن علي بن حجر العسقلاني الشافعي، رقم كتبه وأبوابه وأحاديثه: محمد فؤاد عبد الباقي، الناشر: دار المعرفة ـــــــ بيروت، ١٣٧٩هـ ـــــــــ ١٩٥٧م.

٦- المعجم الأوسط، أبو القاسم الطبراني سليمان بن أحمد بن أيوب بن مطير اللخمي الشامي، (ت:٣٦٠هـ)، المحقق: طارق بن عوض الله بن محمد ، عبد المحسن بن إبراهيم الحسيني، الناشر: دار الحرمين – القاهرة.

٧- المسند الصحيح المختصر بنقل العدل عن العدل إلى رسول الله صلى الله عليه وسلم، أبو الحسن مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري (ت: ٢٦١هـ)، المحقق: محمد فؤاد عبد الباقي، الناشر: دار إحياء التراث العربي – بيروت.

٨- سنن الترمذي، أبو عيسى محمد بن عيسى بن سَوْرة، الترمذي، (ت:٢٧٩هـ)،تحقيق وتعليق: أحمد محمد شاكر (جـ١،٢)، ومحمد فؤاد عبد الباقي (جـ٣)، وإبراهيم عطوة عوض المدرس في الأزهر الشريف (جـ ٤، ٥)، الناشر: مطبعة مصطفى البابي الحلبي – مصر، ط٢، ١٣٩٥ هـ ـــــــــ ١٩٧٥ م.

٩- سنن ابن ماجه، أبو عبد الله محمد بن يزيد القزويني، (ت: ٢٧٣هـ)، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، الناشر: دار إحياء الكتب.

١٠- مسند البزار المنشور باسم البحر الزخار، أبو بكر أحمد بن عمرو بن عبد الخالق المعروف بالبزار (ت: ٢٩٢هـ)، المحقق: محفوظ الرحمن زين الله، (حقق الأجزاء من ١ إلى ٩)، وعادل بن سعد (حقق الأجزاء من ١٠ إلى ١٧)، وصبري عبد الخالق الشافعي (حقق الجزء ١٨)، الناشر: مكتبة العلوم والحكم - المدينة المنورة، ط١، ١٤٣١هـ ـــــــــ ٢٠٠٩م.

١١- الإحسان في تقريب صحيح ابن حبان، أبو حاتم محمد بن حبان بن أحمد، التميمي، الدارمي، البُستي (ت: ٣٥٤هـ)، ترتيب: الأمير علاء الدين علي بن بلبان الفارسي (ت:٧٣٩هـ)، حققه وخرج أحاديثه وعلق عليه: شعيب الأرنؤوط، الناشر: مؤسسة الرسالة، بيروت، ط١، ١٤٠٨ هـ ـــــــــ ١٩٨٨م.

١٢- الأدب المفرد، أبو عبد الله محمد بن إسماعيل بن إبراهيم بن المغيرة البخاري، (ت:٢٥٦هـ)، المحقق: محمد فؤاد عبد الباقي، الناشر: دار البشائر الإسلامية ـــــــ بيروت، ط٣،١٤٠٩ـــــــ١٩٨٩م.

١٣- مسند أبي يعلى، أبو يعلى أحمد بن علي بن المُثنى، التميمي، الموصلي (ت: ٣٠٧هـ)، المحقق: حسين سليم أسد، الناشر: دار المأمون للتراث – دمشق، ط١، ١٤٠٤هـ ـــــــــ ١٩٨٤م.

١٤- مسند إسحاق بن راهويه، أبو يعقوب إسحاق بن إبراهيم بن مخلد الحنظلي المروزي المعروف بـ ابن راهويه (ت: ٢٣٨هـ)، المحقق: د. عبد الغفور بن عبد الحق البلوشي،الناشر: مكتبة الإيمان - المدينة المنورة، ط١، ١٤١٢هـ ـــــــــ ١٩٩١م.

١٥- المجتبى من السنن، السنن الصغرى للنسائي،أبو عبد الرحمن أحمد بن شعيب بن علي الخراساني، النسائي (ت: ٣٠٣هـ)،تحقيق: عبد الفتاح أبو غدة،الناشر: مكتب المطبوعات الإسلامية – حلب، ط٢، ١٤٠٦هـ ـــــــــ ١٩٨٦م.

١٦- صحيح ابن خزيمة، أبو بكر محمد بن إسحاق بن خزيمة النيسابوري (ت: ٣١١هـ)، المحقق: د. محمد مصطفى الأعظمي، الناشر: المكتب الإسلامي – بيروت.

١٧- المستدرك على الصحيحين، أبو عبد الله الحاكم محمد بن عبد الله بن محمد النيسابوري المعروف بابن البيع (ت: ٤٠٥هـ)، تحقيق: مصطفى عبد القادر عطا، الناشر: دار الكتب العلمية - بيروت
ط١، ١٤١١هـ ـــــــــ١٩٩٠م.

١٨- السنن الكبرى، أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي البيهقي (ت: ٤٥٨هـ)، المحقق: محمد عبد القادر عطا، الناشر: دار الكتب العلمية، بيروت – لبنات، طب٣، ١٤٢٤ هـ ـــــــــ ٢٠٠٣م.

١٩- مسند الشاميين، أبو القاسم سليمان بن أحمد بن أيوب الطبراني (المتوفى: ٣٦٠هـ)، المحقق: حمدي بن عبدالمجيد السلفي، الناشر: مؤسسة الرسالة – بيروت، ط١، ١٤٠٥ه ـــــــــ ١٩٨٤م.

٢٠- الأساليب النبوية في معالجة المشكلات الزوجية، الدكتور عبد السميع الأنيس، دار المعرفة، بيروت، ٢٠١٠ه ـــــــ ١٤٣١ م.

٢١- زاد المعاد في هدي خير العباد، محمد بن أبي بكر بن أيوب بن سعد شمس الدين ابن قيم الجوزية (ت: ٧٥١هـ)، الناشر: مؤسسة الرسالة، بيروت - مكتبة المنار الإسلامية، الكويت، ط٢٧، ١٤١٥هـ ـــــــــ ١٩٩٤م.

٢٢- السنن الكبرى، أبو عبد الرحمن أحمد بن شعيب بن علي الخراساني، النسائي (ت: ٣٠٣هـ)، المحقق: حسن عبد المنعم شلبي، الناشر: مؤسسة الرسالة – بيروت، ط١، ١٤٢١ هـ ـــــــــ ٢٠٠١م.

٢٣- المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج، أبو زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي (ت:٦٧٦هـ)، الناشر: دار إحياء التراث العربي ـــــــ بيروت، ط٢، ١٣٩٢ه ـــــــ ١٩٧٠م.

٢٤- جامع العلوم والحكم في شرح خمسين حديثا من جوامع الكلم، زين الدين عبد الرحمن بن أحمد بن رجب الحنبلي (ت: ٧٩٥هـ)، المحقق: شعيب الأرناؤوط - إبراهيم باجس، الناشر: مؤسسة الرسالة ـــــــ بيروت، ط٧، ١٤٢٢هـ ـــــــ ٢٠٠١م.

٢٥- الطبقات الكبرى، أبو عبد الله محمد بن سعد بن منيع المعروف بابن سعد (ت: ٢٣٠هـ)، تحقيق: محمد عبد القادر عطا، الناشر: دار الكتب العلمية – بيروت، ط١، ١٤١٠ هـ ـــــــ ١٩٩٠م.

٢٦- المغازي للواقدي، مُحَمَّد بن عُمَر بن واقد الأَسْلَمِيُّ الواقدي، (ت: ٢٠٧ ه).

٢٧- تاريخ دمشق، أبو القاسم علي بن الحسن بن هبة الله المعروف بابن عساكر (ت: ٥٧١هـ)، المحقق: عمرو بن غرامة العمروي، الناشر: دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، ١٤١٥ هـ ـــــــ ١٩٩٥م.

٢٨- إمتاع الأسماع بما للنبي من الأحوال والأموال والحفدة والمتاع، أبو العباس أحمد بن علي بن عبد القادر، تقي الدين المقريزي (ت: ٨٤٥هـ)، المحقق: محمد عبد الحميد النميسي، الناشر: دار الكتب العلمية – بيروت، ط١، ١٤٢٠ هـ ـــــــ ١٩٩٩م.

٢٩- روضة العقلاء ونزهة الفضلاء، أبو حاتم محمد بن حبان بن أحمد، الدارمي، البُستي (ت:٣٥٤هـ)

المحقق: محمد محي الدين عبد الحميد، الناشر: دار الكتب العلمية – بيروت.

٣٠- بهجة قلوب الأبرار وقرة عيون الأخيار في شرح جوامع الأخبار، أبو عبد الله، عبد الرحمن بن ناصر بن عبد الله بن ناصر بن حمد آل سعدي (ت: ١٣٧٦هـ)، المحقق: عبد الكريم بن رسمي ال الدريني، دار النشر: مكتبة الرشد للنشر والتوزيع، ط١، ١٤٢٢هـ ـــــــ ٢٠٠٢م.

٣١- سلسلة الأحاديث الصحيحة وشيء من فقهها وفوائدها، أبو عبد الرحمن محمد ناصر الدين، بن الحاج نوح بن نجاتي بن آدم، الألباني (ت: ١٤٢٠هـ)، الناشر: مكتبة المعارف للنشر والتوزيع، الرياض، ط١، (لمكتبة المعارف).